# ''پەناهەندە''

قوباد جەلی زادە

پەیڤینی نێوان

**پشیلە و مرۆڤ**

**پرۆڤ و مشیلە**

قوبادی جەلیزادە شەوباش

تەماشا کە

سپای سپی چ زوو

دوندی شاخەکانی گرت و

گەمارۆی شارەکانی دا و

سەری بە دارستانەکان شۆڕ کرد؟

لە باغچە خنجیلانەکەت دا

کوا پنتێك رەشایی

تا دڵە لەگۆچووەکەمی تیادا

تاوێ هەڵکورمێ

لەو هەڵمە ئاگرینە چەپکێکم بدەرێ

کە مینای عەینەك و مینای پەنجەرەکانی تەڵخ کردووە

رێم دە تا میاو میاوی بە شەختە بووم

لەبەر ئاوێنەی ئەو پشکۆیانە هەڵبخەم

کە لە چاوی ئاگردانا

بە ساقۆی خۆڵەمێشی و پووزەوانەی ئاڵەوە

خەو دەیانباتەوە

قوبادی جەلی زادە...

پێنج شەوە لەبەر پژمینی چۆلەکە

درەختێك خەوی لێنەکەوتووە!

مانگ تریفەی ئاخنیوەتە کونە گوێی

تا چیتر

کۆکە کۆکی هەراسان، هەراسانی نەکەن

دارتێلە لاق شکاوەکان

بۆ چرای گۆچانێك دەگەڕێن،

بیانباتەوە شەقامەکانی رووناکی

***

قوبادی جەلی زادە شەو باش

کونجێکی ژێر زەمینە شێدارەکەتم بدەیە تا تێیدا

سەرخەوێك بشکێنم

خەوی سەر سیسەمی ئاوریشمینیش

بۆ تۆ

بۆ منداڵە تەزیوەکانم کارتۆنێکی شەق و پەقم پێ ببەخشە

سندووقە پۆشتەکانی هەڵبژاردنیش

بۆ تۆ

لە جامولکەیەکی ژەنگن دا بۆ من

دوو مڵاك شیری وشك

گوانی تەڕی هەموو مەڕە خرپنەکانی هەولێر بۆ تۆ

رێمدە با دوور لە تیرەبارانی باران و تفی بەفر

لە پاڵ ژنە چڵکنەکەمدا بنووم

ژنە بۆن خۆشەکانی شەقامی ئۆرزدی و

حەماما نمرەش

بۆ تۆ

تەماشا کە قوباد

چ دیکتاتۆرێکی دڵڕەشە بەفر

ژورناڵی هەموو رەنگەکانی داخست

فڵچەی هەموو هونەرمەندانی سپی کرد!

دەستی بۆ شەرەفی

گوڵە باخە چارشێو بەسەرەکان درێژ کرد و

رووت رووتی کردنەوە

قژ رووت

قۆڵ رووت

سینگ رووت

قاچ رووت!

سەیر کە چۆن بە دەستێك

داوێنی خۆیان داپۆشێوە و

بە دەستێك مەمکە تورتەکانیان

بە تای ئەتەگێکی کورتی سپییەوە

لە نێو رەهێڵەی شەرمدا هەڵدەلەرزن!

تەماشاکە بەفر چۆن بە تەنیاییمان دەوەڕی!

چلۆن

زیندانەکانی پڕ کردەوە لە رێکخستنەکانی پەلکە زێڕینە و

لە لایەنگرانی رەنگاڵە و

له هەوادارانی پەپوولە!

من نه حزبێکم هەیە دڵدەم بدات و

نه دیوەخانێك گەرمم کاتەوه و

نه سەندیکایەك ئێسکه گۆشتێکم بداتێ

قوبادی جەلی زادەی برام

شەو باش!

Rojhalat